

پەرلەمانتار حەیات مەجید بۆ گوڵان:

# ئافرەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەوێنی ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیان و گەشەی کۆمەڵایەتی بووە

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**حەیات مەجید ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشکدەخاتەسەر کار و چالاکییەکانی لیژنەی ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان لە بواری دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان و ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی ئافرەت لە نێو پلەباڵاکانی حکوومیدا زۆر کەمەو لە ئاست تواناکانی ئافرەتان نییە، ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکاندا ڕێژەی ئافرەت زۆر بێت، دەتوانن لە بەشداربوونی حکومەتیشدا ڕێژیان زۆر بێت، چەند پێشنیارێکیش بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئافرەتانی کوردستان دەخاتەڕوو.**

*** وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی ئافرەت دیاردەی بەشوودانی پێشوەخت و بەشوودانی کچانی منداڵ زیاتر بووە، وەکو لیژنەی ئافرەتان بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە چیتان کردووە؟**

- بەداخەوە هێشتا ڕێژەی بەشوودانی کچانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ زۆرە، ئەویش هەندێکیان بە ئارەزووی خۆیان شوو دەکەن، هەندێکی دیکەشیان بەزۆرەملێ بەشوو دەدرێن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و زانستی عەقڵی کچ و کوڕ لە دوای تەمەنی ١٨ساڵ بەرەو کامڵبوون دەڕوات و ئەوکات دەتوانن بڕیاری باشتر بۆ ژیانی هاوبەش و داهاتوویان بدەن. هەڵبەتە ڕێگری لە هاوسەرگیری پێشوەخت بابەتێك نییە کە تەنیا پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانەوە هەیە بۆ نموونە حکومەت و میدیاکان و ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و...هتد) کە دەبێت کاری لەسەر بکەن. لە پەرلەمان یاسا هەیە کە تایبەتە بەوەی کچ لە چ تەمەنێك هاوسەرگیری بکات. چونکە لە تەمەنی خوار ١٨ساڵی تووشی کۆمەڵێك کێشەی تەندروستی و تەنانەت کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەمەش پرسێکە پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگەوە هەیە، دەبێت بەتایبەت ڕاگەیاندنەکان و سۆشیال میدیاکان کاری لەسەر بکەن و بڵێن: نا بۆ هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ساڵی و هوشیاری خێزانەکان لەو بوارەدا پەرە پێبدەن.

*** تاچەند توانیوتانە لە نێوان ڕێکخراوەکان و وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان هەماهەنگییەك دروست بکەن؟**

- دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراوەکان و وەزارەتی پەروەردە و ناوەندەکانی نەهێشتنی توندوتیژییەکان کاری پەرلەمان نییە، ئەوە کاری تۆڕێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و کۆمەڵێك بابەتی گرینگ هەن کە پێویستە بە جددی کاریان لە سەر بکرێت، پەرلەمانیش دەتوانێت هاوکار و پاڵپشتیان بێت، چونکە پەرلەمان ناتوانێت ببێتە پردێك لە نێوانیان، ئەوە کاری NGO کانە کە ئەمانە بە یەکەوە ببەستێتەوە .

*** نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژێکی تایبەت کردووە بۆ کچان، ئێوە لە پەرلەمان بۆ باشترکردنی ڕەوشی کچان چ هەنگاوێکتان ناوەو چ بەرنامەیەکتان لەو بوارەدا هەیە؟**

- هەڵبەتە ئەو ڕۆژانەی کە جیهانیین هەموو وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە و وەك بۆنە بایەخی پێ دەدەن. لە کوردستان هێشتا ڕۆژی جیهانی کچ بایەخی پێ نەدراوە و تەنیا ڕۆژی جیهانی ئافرەتان هەیە کە ئەم ڕۆژە هەم و کچ و هەم ژن واتە ئافرەتان بەگشتی دەگرێتەوە و لە ساڵیادیدا بۆنە و ئاهەنگیشی بۆ دەگێڕن و هەندێك چالاکیش دەکرێت، بەڵام بە ڕای من ئەم ڕۆژانە نابێت تەنیا ڕۆژێك بن و وەك یادێك بێت و تەنیا لەم ڕۆژانەدا باسی ئافرەت و مافەکانی و کێشەکانی بەردەمی بکرێت، پێویستە بەردەوام هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت بدرێت و دەکرێت ئێمە ئەم ڕۆژانە بکەینە وەبیرهێنانەوەیەك بۆ کار و خەباتی زیاتر و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتنی زیاتر .

*** خۆسووتاندن وەك نەخۆشییەکی کوشندە ڕەگ و**

**ئافرەتی ئێمە بڕوای بە توانای خۆی هەیە و دەتوانێت بە شداری لە دانوستانەکانی چارەنووسسازدا دەنگ و ڕەنگی هەبێت**

**هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هێنا پەرلەمان و نووسراوێکمان پێشکەش بە پەرلەمان کرد کە تایبەت بوو بەو ئافرەتانەی کە لە دەستی داعش ڕزگاریان دەبێت**

**ریشەی لە زۆر کۆمەڵگەدا داکوتاوە و کوردستانیش لەم پەتایە بەدوور نەبووە، هۆکاری هەڵکشانی رێژەی خۆسووتاندن لە کۆمەڵگەی کوردی زیاتر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- خۆسووتاندن لەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستان رووی لە زیادبوون کردووە، نەك لە کەمبوون، هۆکاری سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بارودۆخە ئابوورییەی ئێستا کە هەرێمی کوردستان پێدا تێپەڕ دەبێت، چونکە قەیرانی دارایی کاریگەری راستەوخۆی لە سەر خێزان هەیە و کێشەی جۆراوجۆر و تەنانەت توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، زۆرجاریش دەبیتە هۆی جیابوونەوە، یاخود خۆسووتاندن، یان خۆکوشتن، بەڵام بە رای من پێویستە ئافرەت خۆی خۆش بوێت، چونکە هەرکەسێك خۆی خۆش بوێت، هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە ببێتە بکوژی خودی خۆی، جگە لەمەش ئەگەر مرۆڤ خۆی خۆش نەوێت، ناتوانێ منداڵەکانی، یان خانەوادەکەشی خۆش بوێت. بەداخەوە زۆرێك لە ئافرەتانی کۆمەڵگەی ئێمە تاکو ئێستا شارەزای مافەکانی خۆیان نین، بەتایبەتی لە رووی یاساییەوە کە بەشێکی زۆری ئافرەتان شارەزاییان لەبارەی مافە یاساییەکانی خۆیانەوە نییە، لە حاڵێکدا زۆر پێویستە هەر ئافرەتێك کە ئەلف و بێ لە یەك جیا بکاتەوە، لە رووی یاساییەوە شارەزای مافەکانی خۆی بێت.

*** بۆچی هەوڵ نادەن یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بکرێتە سیستەم لە قوتابخانەکان و وەك وانە بگوترێتەوە؟**

- هەڵبەتە وانەی ماف هەیە لە قوتابخانەکان، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نییە. جاران ئێمە وانەیەکمان هەبوو بە ناوی ماڵداری کە باسی لە ئەتەکێتی ماڵدانان دەکرد، زیاتر ئافرەتی بەرەو ژوورەوەی ناوماڵ دەبرد، نەك دەرەوە، بەڵام شتێکی باش بوو، چونکە ئافرەت تا لە ماڵەوە پاك و خاوێن نەبێت، ناتوانێ خێزانێکی بەختەوەر دروست بکات، بەڵام لە تەنیشت ئەمەشدا پێویستە وانەیەك هەبێت باس لە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بکات، بەتایبەت لە قوناغەکانی ناوەندی، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا هەست بە بوونی خۆی دەکات. هەروەها پێویستە هەمووومان بە یەکەوە هەوڵ بدەین ئەمە ببێتە پرۆگرام لە خوێندنگەکان، بەتایبەت رێکخراوەکانی NGO فشار لە سەر حکومەت دروست بکەن بۆ ئەوەی ئەمە پەسند بکرێت و پەرلەمانیش پاڵپشتیان دەبێت.

*** وەك دەزانن لە خولەکانی پێشوو رێژەی ئافرەت لە نێو حکومەت زۆرتر بوو، بەڵام لەم دوو خولەی دوایی رێژەی ئافرەت زۆر کەم بۆتەوە و تەنانەت لە نێو فەرمانگانیش ئافرەتان کەمتر پلەی باڵایان هەیە، لەو بارەیەوە چ پێشنیار و رێکارێك دەستنیشان دەکەن؟**

- زۆر راستە، بەداخەوە رێژەی ئافرەت لە نێو پلەباڵاکاندا زۆر کەمەو لە ئاست ئەو توانایەی ئافرەتان نییە کە هەیانە. ئافرەتی کورد بە بەردەوامی هەر لە سەردەمی خەباتی شاخەوە تاکو ئێستا شان بە شانی پیاو کار و تێکۆشانی بووەو تا ئێستاش لەگەڵ دوژمنانی خاکەکەی دەجەنگێت، بەڵام دەستکەوتی زۆر کەم بووە. لە پەرلەماندا ٣٠٪ رێژەی ئافرەت هەیە، ئەویش بە شێوەی کۆتایە و بۆتە یاسایەك و ناتوانن گۆڕانکاری لەمەدا بکەن. بەڵام لە نێو حکومەتدا هیچ شتێکی وامان نییە، کاریشمان لەسەر کرد و پرۆژەیەکمان پێشکەشی حکومەت کرد کە چۆن لە نێو پەرلەمان ٣٠٪ی پەرلەمانتاران بەر ئافرەت کەوتووە، لە نێو حکومەتیش بە هەمان رێژە لە پلە و پۆستە بالاکان رێژەی ئافرەت هەبێت، چونکە ئافرەتی زۆر بەتوانامان هەیە کە بتوانن لە پلە باڵاکان رۆڵیان هەبێت. کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو لایەنەکانەوە ئافرەتی پێگەیاندووە، ئافرەتانیش ئامادەن خزمەتی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن، بەڵام ئایا حزبە سیاسییەکان تاچەند هاوکار بوون لەوەی ئافرەت لە نێو کۆمەڵگادا رۆڵی هەبێت؟ لە کابینەی هەشتەم کە ئێمە دەنگمان پێدا، تەنیا یەك ئافرەت پلەی وەزیری پێدرا، ئێمە وەك پەرلەمانتارەکان هەموومان فشارمان خستە سەر لە حزبەکانی خۆمان کرد، بۆ ئەوەی رێژەی ئافرەت هەبێت لە نێو حکومەتدا، کابینەکە کابینەیەکی بنکەفراوان بوو، زۆربەی حزبەکان تیایدا بەشدار بوون، خۆشبەختانە پارتی ئافرەتێکی دانا، ئەگەر حزبەکانی تریش کە ئەوانیش بەشداربوون لە حکومەتدا یەك ئافرەتیان دانابا، ئێستا لانیکەم پێنج ئافرەت لە حکومەتدا بەشدار دەبوون. لێرەدا پێویستە بپرسین بۆچی حزبەکانی تر ئافرەتیان دانەنا لە نێو حکومەت؟ بێگومان ئافرەتی زۆر بەتوانا هەیە لە نێو حزبەکان، بەڵام رێگەیان بۆ نەکراوەتەوە. لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنیا یەك ئافرەت سەرۆکی دیوانی وەزارەت بووە کە ئەم پۆستە زۆر گرینگە. من گومانم لە تواناتی ئافرەتی کورد نییە و ئافرەتی کورد توانای هەیە لە هەموو بوارێکی سیاسی و ئابووری و ئیداری کار بکات، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو شوێنانەی کە بڕیار لە سەر دانانی پلە باڵاکان دەدەن. ئەگەر لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکان رێژەی ئافرەت زۆر بێت، ئەوا بێگومان دەتوانن لە بەشداربوونی حکومەتیشدا رێژیان زۆر بێت. هەروەها ئافرەتی سەرکردە ئەو

**سەرکردایەتی حزبەکان لیژنەکانی دانوستاندن دروست دەکەن و پێویستە ئەوان بزانن بوونی ئافرەت لە هەموو لیژنەکان توانای زیاتریان پێدەبەخشێت**

**سەربەخۆیی وڵات رەهەندێکی نیشتمانی و پرسێکی گشتگیرەو پەیوەندی بەوڵاتێکەوە هەیە، نەک تەنیا رەگەزێک، وڵاتیش تەنیا لە پیاو، یان تەنیا لە ئافرەت دروست نابێت، هەردووکیان بونیادیان ناوە و هەردووکیشیان دەبێت بڕیاری لەسەر بدەن**

**ئافرەتی سەرکردە ئەو کاتەی کە بڕیار لەسەر پۆستە باڵاکان دەدرێت، لەوێ دەتوانێت بەرگری لە بوونی ئافرەت بکات**



کاتەی کە بڕیار لەسەر پۆستە باڵاکان دەدرێت، لەوێ دەتوانێت بەرگری لە بوونی ئافرەت بکات .

*** بۆچی لەو کۆبوونەوانەی نێوان حزبەکان کە باس لە ریفراندۆم دەکرێت هیچیان بوونی ئافرەتی تێدا بەدی ناکرێت؟**

- سەربەخۆیی وڵات رەهەندێکی نیشتمانی و پرسێکی گشتگیرەو پەیوەندی بە وڵاتێکەوە هەیە، نەک تەنیا رەگەزێك، وڵاتیش تەنیا لە پیاو، یان تەنیا لە ئافرەت دروست نابێت، هەردووکیان بونیادیان ناوە و هەردووکیشیان دەبێت بڕیاری لەسەر بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەوێنی ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیان و گەشەی کۆمەڵایەتی بووە. رەنگە هەموو ئەو شارانەی لەجیهاندا دروست بوون، بەدەستی پیاو دروست بوون، بەڵام ژنیش لە بونیادنانیدا هاوبەش بووە. ژن هەوێنی ئاشتی و ئازادی بووە، قوربانیی یەکەمیش بووە لە هەموو شەڕەکاندا، لەئێستادا کە شەڕی داعش خەریکە کۆتایی پێدێت و بەرەو ریفراندۆم دەڕۆین، پێویستە ئافرەت لە لیژنەکانی تایبەت بە ریفراندۆم بوونی هەبێت، بەڵام ٩٩٪ دڵنیام ئافرەت لە لیژنەکان بوونی نابێت. ئافرەتی ئێمە بڕوای بە توانای خۆی هەیە و دەتوانێت بەشداری لە دانوستانەکانی چارەنووسسازدا دەنگ و رەنگی هەبێت. سەرکردایەتی حزبەکان لیژنەکانی دانوستاندن دروست دەکەن و پێویستە ئەوان بزانن بوونی ئافرەت لە هەموو لیژنەکان توانای زیاتریان پێدەبەخشێت .

*** پەلاماردانی خاکی کورد لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بەتایبەتی کارەساتی ئێزیدییەکان و رفاندنی ئافرەتان و بە سەبایا کردنیان برینی زۆر قووڵی دروست کردووە، بۆ سارێژکردنی ئەو برینە چیتان کردووە؟**

- ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان ئەو کاتە بە بڕی ١٠٠ ملیۆن دینار هاوکاریمان کردن بۆ ئافرەت و منداڵانی ئێزیدی، ئەمە وەك هەنگاوی یەکەم بە ماندووبوونی هەموو پەرلەمانتارەکان بە بێ جیاوازی دابین کرا. دواتر بەناونیشانی «با هەموومان کار بکەین بۆ ئافرەتانی ئێزیدی» هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هێنا پەرلەمان و نووسراوێکمان پێشکەش بە پەرلەمان کرد کە تایبەت بوو بەو ئافرەتانەی کە لە دەستی داعش رزگاریان دەبێت، کۆبونەوەکە کراو بە سەرکەوتوویی کار لەسەر نووسراوەکەش کرا. بەڵام لەم کاتەدا هەموو پڕۆژەکان وەستێندراون. هاوکات زۆر بەداخەوە ئافرەتانی قوربانی ببوونە خۆراکی راگەیاندنەکان، بەتایبەت هەندێك چیرۆك هەبوو، کە شیاوی ئەوە نەبوو لە نێو راگەیاندنەکان باس بکرێن، چونکە دەبوونە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی خەمباری و بێ ئومێدی لە نێوکۆمەڵگەدا. لەو کاتەشدا نوێنەری هەموو راگەیاندنەکانمان هێنا پەرلەمان میساقێکی شەرەفی رۆژنامەوانیمان پێ ئیمزاکردن، خۆشبەختانە زۆرێك لە راگەیاندنەکان پابەند بوون بەم میساقەوە. هەروەها چوینە پەرلەمانی ئەڵمانیا و بەریتانیا لەوێ داوامان لێکردن ئەو ئافرەتانەی ئێزیدی کە دەنێردرێنە دەرەوەی وڵات هەموو ئاسانکارییەك بۆ چارەسەریان بکرێت.

**پارتی ئافرەتێکی دانا، ئەگەر حزبەکانی تریش کە ئەوانیش بەشداربوون لە حکومەتدا یەك ئافرەتیان دانابا، ئێستا لانیکەم پێنج ئافرەت لە حکومەتدا بەشدار دەبوون**

**پرۆژەیەکمان پێشکەشی حکومەت کرد کە چۆن لە نێو پەرلەمان ٣٠٪ی پەرلەمانتاران بەر ئافرەت کەوتووە، لە نێو حکومەتیش بە هەمان رێژە لە پلە و پۆستە باڵاکان رێژەی ئافرەت هەبێت**

# منداڵان نیازیان بە ژینگەیەکی تەندروست و پەروەردەی زانستی هەیە

**منداڵان لە زۆر وڵاتی ئەم گەردوونە خاکییەدا پەراوێز خراون، تەنانەت لە زۆر وڵاتیش بوونەتە سووتەمەنی شەڕ و ناتەبایی و ململانێکان و لە پێناوی ئامانجە کاتی و حزبییەکاندا بەکارهێنراون. ئەم واقیعە لە کوردستانە کەوناراکەی خۆشمان بە دوور نییە، بۆیە ئەم پرسیارانە دێنەئاراوە: ئایا لە کوردستانی رزگارکراو دوای قوربانیدانێکی زۆر بەرەو ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەنگاوی ناوە، تا چەند بایەخ بەم سامانە نەتەوەییە وەك نەوەی دوارۆژ دراوە؟ ئایا رۆڵی پەروەردە لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە وەبەرهێنانی نەوەیەکی کارامە چی بووە؟ چۆن دەتوانین ژینگەیەکی شیاو و شایستە بۆ منداڵانی خۆمان دابین بکەین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆتەی گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.**

سەرەتا د.رزگار رەنجەڕۆ مامۆستای زانکۆ، باسی ئەوە دەکات کە «هەموو کێشەکان بە سەروەریی یاساو سەربەخۆیی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەت چارەسەر دەبن، دەوڵەتیش دەتوانێت بەرنامەی باشی بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ خەڵك بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی فەراهەم بکات.» گوتیشی: «بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ژینگەپارێزی لە هەموو دنیادا بووە بە کێشەیەکی سەرەکی لە سەرگۆی زەوی، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، بۆیە تەنیا چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە ئەوەیە لە رێگای پەروەردەوە ژینگەپارێزی (ئێکۆلۆژیا) لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەکان بکرێ بە وانەیەکی سەرەکی بۆ هاندان و هوشیارکردنەوەی گەل لەو کێشە کوشندەیە، هەروەها ئێمە تا ئێستا نازانین سوود لە سامانە سرووشتییەکانمان وەربگرین، بیر لە سوودوەرگرتن لە پاشەرۆك و خاشاکەکانمان ناکەینەوە، ئێمە تاکو ئێستا هوشیار نەکراوینەتەوە چۆن خۆمان لەو کێشەیە رزگار بکەین، دەبێ دەیان کۆمپانیای ریسایکلینگ لە کوردستان هەبن بۆ دووبارە بەکارهێنانی زبڵ و خاشاك، ژینگەش هەموو سیکتەرەکانی ژیانکردن دەگرێتەوە، هوشیاریی خەڵك بە پلەی یەکەم دێت».

حەسیبە سەعید مامۆستای قۆناخی بنەڕەتییە لە سۆران و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لەگەڵ بارگۆڕان و پێشکەوتنە نوێیەکانی ژیاندا، چەمکە پەروەردەییەکانیش لە بوارە جیاوازەکاندا گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە، بەتایبەت لە بواری خۆگونجاندن و دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ منداڵان، بەرەوپێش بردنی ژینگەی منداڵیش دوو تەوەری سەرەکی دەگرێتەوە ئەوانیش (ناوەکی و دەرەکی)ین. ناوەکییەکان وەك خێزان بە شێوازێکی راستەوخۆ کاردەکاتە سەر گەشە و هزری منداڵ، چونکە بەپێی توێژینەوە زانستییەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونی منداڵ لە ناو منداڵدانی دایکی تا قۆناغی لەدایکبوونی لە هەموو گرژبوون و ساتە ئارامەکانی دایکی ئاگادارە، بۆیە هەر لەو قۆناخەوە پێویستە گرنگییەکی تەواوی پێ بدرێت. گوتیشی: «یەکێك لە جوانترین رێنماییەکان بۆ تاك ئەوەیە کە



پێویستە فێری منداڵ بکرێت، تاوەکو بزانێت چۆن لەگەڵ دەوروبەری مامەڵە بکات، پێویستە منداڵ فێر بکرێت چۆن گرنگی بە پۆشاك و کۆکردنەوەی یارییە تایبەتیەکانی بدات.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دەرەوەی خێزان کە بە (لایەنی دەرەکی) ناوی برد، وەك (داینگە و قوتابخانە) گوتی: «هەریەکە لەمانە بە شێوازێکی راستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر ئاستی پەروەردەیی منداڵ چونکە مامۆستایان ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەی رۆژانە لە پۆلدا ئەنجامی دەدەن، کاریگەری لە سەر منداڵان دەبێت، بۆیە پێویستە لە هەموو قوتابخانەکان وانەیەکی سایکۆلۆژیی منداڵان بخوێندرێت و ژووری تایبەتی بۆ هونەر و مۆسیقا و یارییە هزریەکان هەبێت و گرنگی پێبدرێت و کەسانی شارەزا تێیدا وانە بڵێنەوە، تاوەکو بتواندرێت ژینگەیەکی تەندروست بۆ منداڵ دروست بکرێت.

ئەو مامۆستایە رایوایە «جۆری پەروەردەی منداڵ و ژینگەی خێزانیی منداڵەکە لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵدا رۆڵی سەرەکی هەیە و دواتر ژینگەی دەوروبەری و قوتابخانە کاریگەری زیاتری لەسەر دروست دەکەن.» بۆیە بە پێویستی دەزانێت «دایکان و باوکان رێگا بدەن منداڵەکانیان تێکەڵ بە منداڵانی دیکە ببن و هاوڕێیەتی دروست بکەن، هاوکات فێری لێبووردەیی لە کەسانی لە خۆیان بچووکتر و رێزگرتن لە کەسانی لە خۆیان گەورەتریان بکەن.»

ئیبراهیم حاجی زەڵمی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مافەکانی مرۆڤ ئەو بابەتە جێگیرو شوێن دیارە بوون لە نێو تێز و تیۆریی فەیلەسووفەکان و خەمی چاکسازە کۆمەڵایەتی وەدەقی رۆشنی ئایینییەکان هەبوون و مرۆڤ لە خەم و مونتەمی هەواداریاندا ژیاوەو هەوڵی بەدەستگەیشتنیانی داوە. کە ئەمانە کۆمەڵێك چەمك و پرەنسیپی مرۆیی و نۆرمی کۆمەڵایەتین، شایستەن بە ژیان و بەهاو شکۆی مرۆڤ». گوتیشی: «لە راستیدا منداڵی تەنیا بریتی نییە لە قۆناغێکی تەمەن و ماوەیەکی دیار لە کات کە دەکەوێتە نێوان سات و کاتی لەدایکبوون تا ئەو کاتەی کە پێدەگات و پێی دەوترێت مرۆڤێکی پێگەیشتوو. بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ ئەو جێبەندە تایبەتەی کە پەیوەستە بە ژیانی تاکێکی منداڵ (مرۆڤێکی سبەینێ) لە رووی جۆرو چۆنیەتی ئەو ساڵ و قۆناغە گرنگەی تەمەنی کە پێویستە بۆ ئەو منداڵە ساز وفەراهەم بکرێت، هەر لە رووی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی و رەخساندنی بواری گەشەپێدانی لە بواری هزری سۆزو پێگەیشتنی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و تەندروستییەوە، تا پاراستنی لە هەموو بابەتێکی مەترسیدارو بێزراو کاریگەردانەری نەرێنی لە سەر ژیان و دەروونی. پاشان رەخساندنی هەلی بەشداری پێکردن لە ژیان و چالاکی و خۆشی و خستنەگەڕی تواناو بەهرەو ئارەزووە بەجێکانی هەبێت .»

ئەو کۆمەڵناسە لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «کاتێك مرۆڤ بەپێی هێز مافی بۆ دیاری دەکرێت، ئیتر هێز دەبێتە دیاریکەری ماف و پێگەی تاکەکانی کۆمەڵگە. لێرەوە پیاو دەبێتە سالار و پێشەنگی هێزو مافەکان و بەپلەی دواتر ئافرەت دێت و بەپلەی سێیەم منداڵ و کەسە بێهێزەکانی تریش دوای ئەوانن. هەر بۆیە لەکۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری هێزدار، منداڵ و مافەکانی منداڵ ئەو شتە شارا وە دەبن کە دەکرێت تەنها لە سوچی ماڵەکان و لەلایەن دایك و باوکەوە بایی ئەوەندە رەچاو بکرێن، ئەویش وەك سۆزو وەك بەزەیی. نەوەك مرۆڤ شایەنداری. بۆیە دەبینین منداڵی کۆمەڵگەی ئێمە چێژ لە گرنگترین قۆناغی ژیانی نابینێت و تەمەنی منداڵی وەك قەفەسێك دەبینێت تاوەکو زوو رزگاری بێت بەدەستییەوە. هەربۆیە گەورەترین خەونی منداڵانی ئێمە گەورەبوون و رزگاربوونیانە لە منداڵی چونکە:

١- ژیان وماف وپرکردنەوەی ئارەزوو پێداویستی و فەزایەك بۆ تەقاندنەوەی بەهرەو تواناکانیان و دیاریکردنی جۆری ژیان و پاشەڕۆژیان پەیوەست و کۆتی گەورەکانە و ئەمانە وەك مرۆڤی پلە دوو هەژمارکراون و ژیان و خەونیان وابەستەیە بە سۆزو بیرو مەزاجی ئەوانی ترەوە. لاسایی کردنەوەی گەورەکان و بەباچوونی تەمەنی منداڵانەی ئەوان بەدەست ئەوانی گەورەکان. بۆیە هەردەم منداڵەکان لە خۆئامادەکردندان بۆ گەورەبوون، لەژێر تەڵقین و هەڕەشەو توانج و تەشەری گەورەکاندان بۆ پێگەیشتن و رزگاربوون لەو قۆناغەو واتە ژیانی منداڵی کە دەکرێتە قوربانیی گەورەیی و داهاتوو نەك بۆ ئێستایەکی بەریئانە.

٢- کۆمەڵگەو کولتوورەکەی تا بە ئەمڕۆش هێزو جووڵێنەرو خاوەنانی پنتەکانی هێز دیاریکەری تەنانەت جۆری ژیانی خەڵکین، نەك بنەماکانی مافی مرۆڤ و پایەکانی دیموکراسی رەنگڕێژکەری ماف و ئەرك و دەسەڵات بن. ئەمەش بەدرێژایی مێژووی چەوساندنەوەی گەلی ئێمە بەدەست ئەوانی ترەوە کردوونی بە خاوەنی ئەم نەریتە نامرۆڤانەیە و ئەمرۆش بەو سادەییە ناتوانین وەك گەورەو دەستڕۆیشتووانی ناو کۆمەڵگە لێی رزگاربین هەربۆیە بیرکردنەوە لەمافەکانی منداڵ کە خاڵی و دوورە لە هێزو هەر پنتێکی هێز ئیتر دەبێت حاڵی چۆن بێت؟ بۆیە منداڵی ئێمە کەسایەتییەکی ترسنۆك و شەرمنە و پاش گەورەبوونیشی هێشتا بە ترسەوە دەست بۆ شتەکان دەبات، نەوەك پێی بڵێن: لاچۆ هێشتا بۆنی شیر لە زارت دێت.»

**هەموو کێشەکان بە سەرووەریی یاساو سەربەخۆیی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەت چارەسەر دەبن، دەوڵەتیش دەتوانێت بەرنامەی باشی بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ خەڵک بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی فەراهەم بکات**

**بەپێی توێژینەوە زانستییەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونی منداڵ لە ناو منداڵدانی دایکی تا قۆناخی لەدایکبوونی لە هەموو گرژبوون و ساتە ئارامەکانی دایکی ئاگادارە، بۆیە هەر لەو قۆناخەوە پێویستە گرنگییەکی تەواوی پێ بدرێت**

**منداڵی ئێمە کەسایەتییەکی ترسنۆک و شەرمنە و پاش گەورەبوونیشی هێشتا بە ترسەوە دەست بۆ شتەکان دەبات، نەوەک پێی بڵێن: لاچۆ هێشتا بۆنی شیر لە زارت دێت**